# بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی
# کوردستانی ئێران

# پێشەکی

کوردستان نیشتمانی کورد لەو پانتاییە جوگرافییەدا هەڵکەوتووە، کە بە ناوچەی "ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست" ناودێرکراوە و هەرێمێکی دەوڵەمەندە لە بواری سەرچاوە سرووشتییەکانەوە. ئەو ناوچەیە شوێنی سەرهەڵدانی چەندین شارستانیەتی مێژوویی و ئایینی جیاوازە، کە هەر کام لقی جۆراوجۆریان لێ بۆتەوە و خاوەنی پێڕەویی خۆیانن. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە بواری پێکهاتەی کولتووری و نەتەوەییشەوە ناوچەیەکی فرەڕەنگە و چەندین نەتەوەی تێدا دەژین، کە هەرکام لەم کولتوورانە خاوەنی ناسنامە و بایەخ و سەنگی تایبەت بە خۆیانن. ئەو ناوچە فرە رەنگە، لە کاتی دامەزرانی دەوڵەتە مۆدێرنەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، بەهۆی بێبەشکرانی بەشێک لە گەلانی ئەو ناوچەیە

له مافی دیاریکردنی چارەنوسیان و جێگیرنەبوونی دێموکراسی، بووە بە مەکۆی کێشە و گرفتەکان.

کورد لە جیهاندا گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە. خاکی کوردستان لە پاش شەڕی چاڵدێران، کە لە ساڵی ٨٩٣ی هەتاوی. (١٥١٤ی زایینی) لە نێوان دوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەویدا روویدا، بە کردەوە دابەشکرا. ئەم دابەشکردنە لە ساڵی ١٠١٨ی هەتاوی (١٦٣٩ی زایینی) دا بە واژۆکردنی پەیمانی زەهاو لە نێوان حکومەتی سەفەوی و حکومەتی عوسمانیدا، بە فەرمی راگەیەندرا. دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، خاک و خەڵکی کوردستان بۆ جارێکی دیکە رووبەڕووی دابەشکردنێکی تازە بوونەوە و دواجار بە سەر چوار وڵاتی تورکیە، ئێران، عێراق و سووریەدا، دابەش کرانەوە. نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا بە هۆی دەسەڵاتدارانی ئەو چوار وڵاتەوە، مافە نەتەوایەتییەکەی پێشێلکرا و رەوتی بێ مافییەکەی بەرگێکی یاسایی و حقووقی بە بەردا کرا.

## خەباتی نەتەوایەتی لە کوردستان

تێکۆشانی نەتەوەیی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە کوردستانی ئێران، بەشێک لە خەباتی گشتیی نەتەوایەتیی کوردە، کە لە ساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدەوە

به گەشەکردنی هزری نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، سەری هەڵداوە. لە ساڵی ١٢٥٩ی هەتاوی (١٨٨٠ی زایینی) بە دواوە، بە دەستپێکردنی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە دژی هەردوو دەسەڵاتی عوسمانی و قاجاڕ و بە هێنانە گۆڕی داخوازی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، بەردی بناغەی بیری نەتەوەیی لە هەموو کوردستاندا، دانرا. بەڵام بە هۆی گەشە نەکردنی بواری ئابووری، پیشەسازی، رێگانەدان بە گەشەکردنی سیستمی پەروەردە، نەبوونی بەڕێوەبەرییەکی خۆماڵی لە کوردستانی ئێران و نەبوونی کاناڵێکی پێوەندی بۆ بڵاوکرنەوەی هزری نەتەوەیی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا، بۆیە خەباتێکی رێکخراوەیی هەموولایەنە بۆ رزگاریی نەتەوەیی، تا نێوەڕاستی سەدەی بیستەم لەو بەشەی کوردستاندا، شکڵی نەگرت. سەرەڕای ئەمەش پێشەنگەکانی کۆمەڵگای کوردستان ساتێک لە بیری رزگاریی نەتەوەیی غافڵ نەبوون. بۆیە یەکەم هەوڵی دەسەڵاتدارانی نوێی ئێران لە سەرەتای سەدەی بیستەم بۆ دامەزرانی سیستمێکی ناوەندگەرا، لەگەڵ خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان بەرەوڕوو بووەوە. لە ساڵانی کۆتایی شەڕی جیهانیی یەکەمدا، بە هاتنە سەرکاری ڕەزاخانی پەهلەوی، سمایل ئاغای شکاک سەرهەڵدانێکی نەتەوەیی لە باکووری کوردستانی ئێران، بە مەبەستی دامەزرانی قەوارەیەکی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد، وەڕێ خست. هاوکاتبوونی ڕاپەڕینی سمکۆ لەگەڵ سەرهەڵدانە نەتەوەییەکانی شێخ مەحموودی بەرزەنجی و شێخ سەعیدی

پیران لە باشوور و باکووری کوردستان، لە بەرامبەر دەوڵەتە تازە دامەزراوەکانی عێراق و تورکیەدا، دەرفەتێکی مێژوویی بۆ کورد رەخساند، تا بتوانێ چارەنووسی خۆی بە دەستەوە بگرێ. بەڵام هەلومەرجی دژواری نێونەتەوەیی کە بە هۆی شۆڕشی سوسیالیستییەوە هاتبووە ئاراوە، زیاتر ناوچەکەی کردە مەیدانی گەمەی زلهێزەکان. ئامادەنەبوونی زەمینەی نێوخۆیی و هێرشە هەمەلایەنەکانی هەر سێ دەوڵەتی تازەدامەزراو و پشتیوانەکانیان بۆ سەر کوردستان، هەر سێکی ئەو راپەڕینانەیان تێک شکاند.

گەلی کورد لە کوردستانی ئیران دوای ئەو تێکشکانانە، وازی لە هەوڵدان بۆ خۆ ڕێکخستنەوە بە مەبەستی داواکردنی مافە نەتەوەییەکانی نەهێنا و بە کەڵک وەرگرتن لە هەلومەرجە ناوچەیی و جیهانییەکان، تێکۆشانی خۆی بە مەبەستی پێکهێنانی رێکخراوێکی سیاسی، کە بتوانێ هەستی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا پەرە پێ بدا، دەستپێکرد. پێشەنگ و بژاردە و رووناکبیرەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بە کەڵک وەرگرتن لە هەل و مەرجی سیاسی پێکهاتوو لە ئەنجامی شەری جیهانیی دووهەم، لە رۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاویدا (١٦ی ئووتی ١٩٤٢ی زایینی) رێکخراوی نهێنی "ژ ـ ک"، (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) یان دامەزراند. دوای سێ ساڵ خەباتی نهێنی و ئەزموونی رێکخراوەیی، لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٦ی ئووتی ١٩٤٥ی زایینی) دا و لەسەر بنەما تەشکیلاتییەکانی ئەم رێکخراوەیە و بە خوێندنەوەیەکی

واقیعبینانە و سەردەمیانە، حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەک ڕێکخراوێکی مۆدێڕن دامەزرا. دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەری پێشەوا قازی محەممەد، وەڵامێکی بەجێ و مێژوویی بوو بۆ ئەو قۆناغە گرنگەی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان. دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک تاکە پێشەنگ و ڕێکخەری جووڵانەوەی میللی ـ دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان، لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتی کورد لە پێناو مافی دیاریکردنی چارەنووسیدا، بە خاڵێکی وەرچەرخانیش دەژمێردرێ. چونکە لە رووی مێژووییەوە، حیزبی دێمۆکرات یەکەمین حیزبی کوردستانی بوو کە هەستی بە گرینگی ڕێکخراوی سیاسی کرد و هەر بە ڕێبەرایەتی ئەم حیزبە پێشڕەوە خەڵکی کورد بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، بوو بە خاوەنی دەسەڵاتێکی نیشتمانی و دێموکراتیک لە شێوەی کۆماریدا. پێشەوا قازی محەممەد ڕێبەری هەڵکەوتووی ئەم حیزبە لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا (٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦) بە ڕەسمی دامەزرانی "کۆماری کوردستان" ی ڕاگەیاند و بوو بە سەرکۆماری ئەم کۆمارە. کۆماری کوردستان لە ماوەی تەمەنی کورتی خۆیدا کە یازدە مانگی خایاند، کۆمەڵێک دەسکەوتی بەنرخی بۆ گەلی کورد بە جێهێشتن.

بە دوای رووخانی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدرانی پێشەوا قازی مەحەممەد لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦دا، (٣٠ی مارسی ١٩٤٧) خەباتی حیزبی دێموکرات کەوتە قۆناغێکی ئەستەمەوە، بەڵام حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی ڕێنوێن، درێژەپێدەر و

وەدیهێنەرەوەی ئامانجە بەرزەکانی کۆماری کوردستان، ئەرکی ڕێکخستنی بزاڤی میللی- دێموکراتیکی کۆمەلانی خەلکی کوردستانی درێژە پێدا.
خەباتی چەکداری ساڵەکانی ١٣٤٦-١٣٤٧ (١٩٦٧- ١٩٦٨) لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە، بۆ جارێکی دیکەش. دوای کۆماری کوردستان، دەنگی ئازادیخوازیی کوردی لە کوردستانی ئێران بە گوێی جیهانیان گەیاند. هەر چەند ئەو جارەش پۆلێک لە ڕێبەرانی شۆڕشگێڕی دێموکرات خوێنیان ڕژایە سەر خاکی کوردستان، بەڵام بەو ڕاپەڕینە لاپەڕەیەکی دیکەی پڕ لە شانازی و حەماسەیان لە مێژووی جوڵانەوەی کورددا تۆمار کرد و ئەو ڕاستییەیان بە دۆست و دوژمنانی ئازادی و نەتەوەی کورد سەلماند، کە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات هەمیشە لە ریزی پێشەوەی خەبات و گیانبازیدان. هەر ئەو فیداکاری و لەخۆبوردووییەیە کە تا ئێستاش بووەتە یەکێک لەو هۆکارانەی، کە حیزبی دێموکراتی کردۆتە حیزبی خۆشەویست و جێگای بڕوا و متمانەی کۆمەلانی خەلکی کوردستان.
پاش سەرکوتی ئەم جووڵانەوەیە، ڕێبەری زانای کورد، د. عەبدولڕەحمان قاسملوو ڕێبەرایەتیی حیزب و لەم ڕێگایەشەوە ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێرانی بەدەستەوە گرت. د. قاسملۆ بەرنامە و پێڕەو و پێکهاتەی حیزبی لەسەر بنەمای فەرهەنگی شۆڕشگێڕانە و ئوسوول و پرنسیپە دێموکراتییەکان ڕێکخستەوە و حیزبی

دێموکراتی گەیاندە ئاستێکی نوێی سیاسی.
دوای راپەڕینی بەرینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٩ی زایینی)، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە رۆژی ١١ی رەشەمەی ١٣٥٧ی هەتاویدا (٢٦ی فیوریەی ١٩٧٩ی زایینی)، پاش زیاتر لە ٣٠ ساڵ خەباتی نهێنی، لە میتینگێکی گەورە لە شاری مەهابادا، خەباتی ئاشکرای خۆی ڕاگەیاندەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داخوازە نەتەوەییەکانی گەلی کوردی بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە خستنە بەردەست ڕێبەرایەتیی نوێی ئێرانەوە. بەڵام ڕێژیمی نوێ بە شەڕ و سەرکوت وەڵامی داخوازەکانی نەتەوەی کورد و حیزبی دێمۆکراتی دایەوە. هەر لەو کاتەدا ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو، شەپۆلێکی توندئاژۆیی و دژایەتی لەگەڵ گەلان و بەشێک لە وڵاتانی جیهان و هاووڵاتیانی جیابیری، دەست پێکرد.
لە هەلومەرجێکی ئاوادا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە هەستی بە ناوەڕۆکی دواکەوتووانەی ئەم ڕێژیمە کردبوو، رێفراندۆمی دیاریکردنی ئەو سیستمەی تەحریم کرد. هەروەها کاتێک کە رێژیم بە پێچەوانەی رێووشوێنە نێونەتەوەییەکان باڵوێزخانەی ئەمریکای لە تاران داگیر کرد، حیزبی دێموکرات بوێرانە ئەم کردەوە پێشێلکارانەیەی مەحکووم کرد.
لەو کاتەوە داخوازە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئیران بە بەردەوامی (بەڵام بە داخوازیی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی سەردەم)، هاندەر و هەوێنی گشت چالاکییە سیاسییەکانی

کۆمەڵانی خەڵکو حیزبی دێمۆکرات، بوون. بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران وێڕای وەدواکەوتنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەو پارچەیە، هاوکات بوو بە مەکۆی خەبات لە دژی هەرجۆرە کۆنەپەرستی، دیکتاتۆری و چەوسانەوەیەکیش. بە شێوەیەک کە نەک تەنیا هەموو ئازادیخوازانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، بەڵکوو تێکۆشەرانی بەشەکانی دیکەی ئێرانیش، لە کوردستانەوە هاواری ئازادیخوازیی خۆیان بە گوێی نەتەوەکەیان و بە ئاگاداریی جیهان گەیاندووە. بۆیەش خەباتی هەنووکەیی نەتەوەکەمان لە کوردستانی ئێران هاوکات لەسەر دوو هێڵی نەتەوەیی و دێموکراتی دەچێتە پێش.

بنەما فیکری و سیاسییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر بنەمایەک داڕێژراوە کە کەرامەتی مرۆڤ بە گرینگترین بەهای ژیان دەزانێ. لە فیکری سیاسیی مۆدێڕندا، کەرامەت وەک بەهایەکی گەردوونی ناسراوە و لە جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤدا، کە لە ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی (١٩٤٨ی زایینی) لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پەسەند کراوە، گرینگییەکی سەرەکی پێ دراوە و وەک "بنەمای ئازادی، دادپەروەری و ئاشتی" لە جیهاندا جەختی لەسەر کراوەتەوە.

لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە، کەرامەت دوو سەرچاوەی

سەرەکیی هەیە: لە لایەکەوە دابینکردنی پێداویستیی ماددیی مرۆڤ و لە لایەکی دیکەوە پێکهێنانی فەزایەکی سیاسیی ئازاد بۆ ئەوەی هەر تاکێک بتوانێ خاوەنی کەسایەتی و ناسنامەی ئێتنیکی، ئایینی و نەتەوەیی خۆی بێ. مرۆڤێک کە لە هەژاریدا راگیراوە، مرۆڤێک کە نکۆڵی لە ناسنامە ئێتنیکی، ئایینی یان نەتەوەییەکەی دەکرێ یان دەکەوێتە بەر تەوژمی سیاسەتی تواندنەوە و سووکایەتی پێکردنەوە، مرۆڤێکە کە کەرامەتی لێ زەوت کراوە. ئەم پێناسەیە لە کەرامەت، لە ئامانجە سەرەکیەکانی حیزبی دێموکراتدا رەنگ دەداتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا تەنیا بە کێشەیەکی مادی نابینێ، بەڵکوو مەسەلەی بنەڕەتی، مەسەلەی دان پێدانان بە ناسنامەی نەتەوەییە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێی وایە هەر بەو شێوەیەی کە ئەندامانی نەتەوە ستەملێکراوەکان مافی نەتەوایەتییان پێشێل دەکرێ، سیاسەتی خۆسەپاندن و شێواندنی ناسنامەی گەلان لە لایەن رێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێرانەوە بووتە هۆی سەرهەڵدانی بێ متمانەیی، لێک دابڕان و هەڵاواردنی دووقاتی نەتەوە ستەم لێکراوەکانی ئێران.

سیاسەتی ئینکارکردن و تواندنەوە بۆ زیاتر لە سەد ساڵ بە کەڵک وەرگرتن لە زەبروزەنگی جەستەیی و دەروونی، نەیتوانیوە نەتەوەی کورد بە چۆک دابێنێ و لە ویستەکانی خۆی پاشگەزی بکاتەوە. ناسنامەی نەتەوەیی کورد بنەمایەکی بابەتیی هەیە

(خاک، زمان، مێژووی هاوبەش یا ویستی خەڵک) و نەتەوەی کورد لە سەر بنەمای ئەو ناسنامەیە داوای مافی یەکسانی سیاسی دەکا. لە هەمان کاتیشدا کورد لە کوردستانی ئێران ڕابردوویەکی دوور و درێژی دراوسێیەتی و پێکەوەژیانیی هێمنانەی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران هەیە و چارەنووسی خۆی لە چارەنووسی ئەو نەتەوانە، بە جیا نازانێ. بەڵام لە هەمان کاتیشدا بێ مافی، هەڵاواردن و لەبەرچاونەگرتنی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی، قبووڵ ناکا. کەوابوو، دانپێدانان بە ناسنامەی یەکتر لە ئێراندا، پێشمەرجی پێکەوە ژیانی نەتەوەکانی ئێران، لە داهاتووی ئەم وڵاتەدایە.

چوارچێوەی فیکریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەو فەلسەفەیەی کە لە سەری دامەزراوە، بە روونی لە دژایەتیدایە لەگەڵ ئەو تیۆکراسییەی کە "کۆماری ئیسلامی" لە پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا (١٩٧٩ی زایینی)، لە سەر بونیاد نراوە. تیۆکراسی (حکوومەتی دینی) لەگەڵ دێموکراسی (حکوومەتی خەڵک) لە نێوەڕۆکدا، لە دژایەتی دایە.

سەبارەت بە سیستەمی سیاسی و شێوەی ڕێکخستنی کۆمەڵگا، حیزبی دێموکرات بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی مێژوویی و هەنووکەیی سیاسیی ئێران و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین، سیستمی فێدراڵی بە گونجاوترین سیستمی سیاسی دەزانێ. چونکە لە وەها سیستێمێکدا پێکهاتە جیاوازەکانی وڵات و ئەندامانی نەتەوەکانی ئێران، دەتوانن بە مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانیان بگەن.

به لەبەرچاوگرتنی فرەنەتەوەیی بوونی ئێران، دەبێ سنووری یەکە پێکهێنەرەکانی ئێرانی فێدراڵ لەسەر بنەمای نەتەوەیی - جوگرافیایی، دیاری بکرێن. هەروەها دەبێ دەسەڵات و توانستەکان لە نێوان حکوومەتی ناوەندی و حکوومەتە هەرێمییەکاندا، بە جۆرێک دابەش بکرێن کە مافی نەتەوەکانی ئێران لە چوارچێوەی هەرێمی خۆیاندا، دەستەبەر بکا و دەرفەتی بەشداربوونی یەکسانیان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بۆ بڕەخسێنێ.

سۆسیالیزمی دێموکراتیک

لە روانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی بەختەوەر لەسەر بنەمای یەکسانیی کۆمەڵایەتی، ئامانجێکی نەگۆڕە. بۆ وەدەستهێنانی ئەو مافە، حیزبی دێموکرات سۆسیالیزمی دێموکراتیکی وەک ئامانجی دواڕۆژ دیاری کردووە. خاڵە سەرەکییەکانی ئەو کۆمەڵگا دێموکراتیک و سوسیالیستییە، ئەمانەن:

- بۆ ئەوەی ئازادی بۆ هەموو ئەندامێکی کۆمەڵ دەستەبەر بێ، پێویستە لە پاڵ دەرەتانی یەکسانیی سیاسی، هەوڵ بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتیش بدەین.
- دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئامانجێکە کە دەبێ هەمیشە خەباتی بۆ بکرێ، چوونکە داهات و دەرکەوتی کۆمەڵگا و بە گشتی دارایی وڵات، ئەگەر لە رێگای سیاسەتێکی دابەشکردنی خەزمەتگوزاریی دادپەروەرانەی داراییەوە چوارچێوەیەکی بۆ دانەنرێ و ئەو

سەروەتەی کە لە کۆمەڵگادا بەرهەم دەهێنرێ بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش نەکرێ، نایەکسانی و کێشەی کۆمەڵایەتی بەرهەم دێنێ.

ـ دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە رێگای پێکهێنانی سیستمێکی رەفاهییەوە بە باشترین شێوە دەستەبەر دەکرێ، چوونکە ئەو سیستمە پێداویستی ماددی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ لەبەرچاو دەگرێ و هەوڵی دابینکردنی مافی کۆمەڵایەتی بۆ هەمووان دەدا.

## روانگە:

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پابەندبوون و پێداگری لەسەر ئەو پرەنسیپانەی کە ئاماژەیان پێدەکرێ، پشتی بە پشتیوانیی هەموولایەنەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەستووە و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، خەبات و تێکۆشانی خۆی بە هەموو تواناوە درێژە دەدا.

*حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە هەموو ئاستەکان و بەگشتی لە پێوەندی لەگەڵ دۆزی رەوای کورددا، باوەڕی بە ئاشتی و دیالۆگی بنیاتنەر هەیە و هەمیشە خۆی پابەند بەو پرنسیپە شارستانییە، دەزانێ.

*حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزە مرۆیی و نەتەوەییەکانی لە هەموو شێوازەکانی خەبات، کە لەگەڵ

بنەما فیکری و سیاسییەکانی حیزب و پێوانە نێونەتەوەییەکانی خەباتی ڕەوا دەگونجێن، کەڵک وەردەگرێ.
*حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نەتەوە ماف پێشێلکراوەکانی ئێران و هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی وڵات بە هاوپەیمانی ئیستراتژیکی خۆی دەزانێ و لەسەر پێوەندی و هاوخەباتیی توندوتۆڵی نێوان نەتەوەکانی ئێران، پێ دادەگرێ.
*حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پابەندە بە سەربەخۆیی بڕیاردان، خۆپاراستن لە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی هێزەکان و لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی دوولایەنە و هاوکاریی دۆستانە، پێداگری دەکات.
*حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دژی تیروریزمەو و مەحکوومی دەکا. پابەندی پاراستنی هەموو مافەکانی مرۆڤە و خۆی لە بەرەی دژی کۆنەپەرەستی و دژی دیکتاتۆریدا، دەبینێتەوە.
*حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوهەنگاوە لەگەڵ ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە تەنیا سیستمێکی دێموکراتیکی فێدراڵ، دەتوانێ مافی نەتەوە زوڵملێکراوەکانی ئێران و یەک لەوان نەتەوەی کورد دەستەبەر بکات.
* حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هێز و ڕێکخراوێکی گەورەی سیاسی و نەتەوەیی کوردستانی ئێرانە و لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو پشتیوانی لێدەکرێ، هەربۆیە دەبێ تێبکۆشێ هێزی لەبڕان نەهاتووی نەتەوەکەمان

بۆ بەدەست هێنانی ئەو ئامانجانەی کە لە بەرنامەی حیزبەکەدا داڕێژراون، بخاتە گەڕ. لە وەها ڕەوشێکدایە کە بەرنامەی حیزب دەبێتە هێزێکی ماددی و کارا و دەتوانێ مافە دێموکراتیک و نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا، وەدی بێنێ.

بۆ ئەو مەبەستەش ئەم بەرنامەیە دەخاتە بەرچاوی خەڵکی کوردستان و داوا لە هەموو دانیشتوانی کوردستان دەکا، بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم بەرنامەیە، شێلگیرانە تێ بکۆشن. ئەرکی سەرشانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبیش، کە ئەم بەرنامەیە بەرنە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و سەرجەم بەندەکانی بۆ خەڵک شی بکەنەوە و سیاسەت و ستراتیژییەکانی حیزب بە ئاگاداری کۆمەڵانی مافخوازی خەڵکی کوردستان بگەیەنن. هەروەها پێویستە هەموو خەڵکی ئێران بەگشتی و نەتەوە ستەم لێکراوەکانی ئێران بەتایبەتی، لە ویست و داخوازە نیشتمانی و دێموکراتیک و نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان، ئاگادار بکرێنەوە.

## بەشی یەکەم
## بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران

### فەسڵی یەکەم:
### ئامانجە گشتییەکان

١ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی ـ دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و هاودەنگ لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران و شانبەشانی هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدراڵی لە ئێران و وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، خەبات دەکا.

٢ـ ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکی سوسیالیستییە.
٣ـ دروشمی ستراتیژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانە، لە چوار چێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا.
٤ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نەتەوەکانی ئێران بە هاوپەیمانی ستراتیژیی خۆی دەزانێ و پشتیوانی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی ئەوان بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان، دەکا.
٥ـ پشتیوانی لە خەباتی نەتەوەیی ـ دێموکراتیکی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، رێبازی هەمیشەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.
٦ـ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دژی هەموو شێوازێکی هەڵاواردنە، لە سەر بنەمای: پێگەی کۆمەڵایەتی، ڕەنگ، دین، ئایینزا، زایەند (جنسی)، ئێتنیک، رەگەز و... هتد.
٧ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پارێزەری یەکسانیی کۆمەڵایەتی و لابردنی ئەو هەڵاواردنە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و کولتوورییەیە، کە لە دژی ژنان دەکرێت.
٨ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پشتیوانی لە خەباتی ئاشتیخوازانە، دێموکراسیخوازانە و نەتەوەیی هەموو نەتەوەکانی جیهان دەکا و لایەنگری دۆستایەتی و ئاشتیی نێوان هەموو نەتەوەکانی جیهانە.

## فەسڵی دووهەم:
## بنچینەکانی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

١ـ کوردستان یەکێک لەو هەرێمانەیە کە بە شێوەیەکی ئارەزوومەنانە و هاوشان لەگەڵ هەرێمەکانی دیکەی پێکهێنەری ئێران، وڵاتی فیدراڵی ئێران پێک دێنن.

٢ـ هەرێمی کوردستان، هەموو خاکی کوردستانی ئێران دەگرێتەوە. چوارچێوەی جوغرافیایی هەرێمی کوردستان بە پێی پێوەری نەتەوەیی ـ جوغرافی، و ویستی زۆربەی دانیشتوان، دیاری دەکرێ.

٣ـ لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لە هەر شوێنێک کە زۆربەی دانیشتوانی کورد بن و داوای مافی نەتەوایەتییان لە چوارچێوەی سنووری جۆگرافیایی خۆیاندا بکەن، حکوومەتی هەرێمی کوردستان پشتیوانیان لێ دەکا و ئەوان بە هاوپەیمانی نەتەوەیی و ستراتیژیکی خۆی دەزانێ. هەروەها لە هەر شوێنێکی ئێراندا کورد نیشتەجێ بێ و داوای مافی کولتووریی خۆی بکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتیوانیان لێ دەکات. بە هەمان شێوە نەتەوە غەیرە کوردەکانی دانیشتووی کوردستانیش لە مافی کولتووریی خۆیان بەهرەمەند، دەبن.

٤ـ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای سەروەریی خەڵک و سەربەخۆیی و جیایی سێ دەسەڵاتی یاسادانان، راپەڕاندن و دادوەری پێکدێ.

٥- حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای جیایی دین لە حکوومەت دادەمەزرێ.

٦- لە هەرێمی کوردستاندا سەرچاوەی دەسەڵات، خەڵکە. خەڵک ئەو دەسەڵاتە لە ڕێگای نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خۆیان لە پارلمانی کوردستان و لە ڕێگای ئۆرگانەکانی حکوومەتی هەرێمەوە، بە کار دێنن.

٧- پێوەندیی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی فێدراڵی ئێران، لەسەر بنەمای یاسایەکی دێموکراتیکی تەوافوقی دیاری دەکرێ. نەتەوەی کورد لە هەرێمی کوردستانی ئێران و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش لە هەرێمەکانی خۆیان، لە ڕێگەی دەزگاکانی فێدراڵەوە بە بێ هیچ چەشنە جیاوازییەک، لە بەڕیوەبردنی کاروباری وڵاتدا، بەشدار دەبن.

٨- هەرێمی کوردستان، ئاڵا، سروود و جێژنی نەتەوەیی خۆی هەیە، کە هەموویان لە پارلمانی کوردستاندا بڕیاریان لەسەر دەدرێ. ئاڵای کوردستان لە هەموو ئیدارە دەوڵەتی و فەرمییەکاندا هەڵ دەدرێ. لە هەرێمی کوردستاندا، ئاڵای ئێرانی فێدراڵیش لە تەنیشت ئاڵای کوردستاندا هەڵ دەدرێ.

٩- پارلمانی کوردستان بەرزترین ئۆرگانی یاسادانانی هەرێمی کوردستانە. نوێنەرانی پارلمان لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی گشتی، یەکسان، نهێنی و ڕاستەوخۆوە هەڵدەبژێردرێن.

١٠- پارلمانی کوردستان، حکوومەتی هەرێمی کوردستان دیاری دەکا کە بەرامبەر بە پارلمانی کوردستان وەڵامدەرە.

١١ـ پاراستنی هێمنی و نەزمی نێوخۆیی هەرێمی کوردستان، لە ئەستۆی هێزە ئینتزامییەکانی  حکوومەتی هەرێمدایە. ئەرکی هێزی پێشمەرگە، پاراستنی بەرژەوەندییەکان و سەروەریی هەرێمی کوردستانە.
١٢ـ زمانی کوردی، زمانی فەرمیی هەموو ئاستەکانی خوێندن و پێوەندییە ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستانە. لە هەرێمی کوردستان و لە قوتابخانەکاندا، زمانی فارسییش لە پاڵ زمانی کوردیدا، دەخوێندرێ.
١٣ـ پێوەندییە فەرمییە ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئۆرگانەکانی سەر بە دەوڵەتی فێدراڵ لە کوردستان و هەرێمەکانی دیکەی ئێراندا، بە زمانی فارسی دەبێ.
١٤ـ پێوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان و ئەو وڵاتانەی کە بەرژەوەندی کوردیان تێدایە، لە ڕێگای نوێنەرایەتییەکانی هەرێمی کوردستانەوە لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی ئێرانی فێدراڵدا، بەڕێوە دەچێ.
١٥ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەرچەشنە تیرۆریزمێک مەحکووم دەکا و خۆی لە بەرەی جیهانیی دژی تێرۆریزمدا، دەبینێتەوە.

## فەسڵی سێهەم

## مافەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان

١ـ هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی کە لە جاڕنامەی گەردوونیی

مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامە پێوەندییدارەکانیدا دەستنیشان کراون، لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا دەستەبەر دەکرێن. هەموو دانیشتوانی کوردستان بە بێ هیچ جیاوازیدانانێکی نەتەوەیی، رەگەزی و مەزهەبی لە مافی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگیی یەکسان، کەڵک وەردەگرن.

٢- ژن و پیاو لە نێو خێزان و لە نێو کۆمەڵدا، مافی یەکسانیان هەیە و لە وەرگرتنی کار و مووچە یەکسانن و ژنان لە مافی پشووی دووگیانی و منداڵبوون، کەڵک وەردەگرن. حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سڕینەوەی کولتووری پیاوسالاری، بەرنامەیەکی تۆکمە دادەڕێژێ و وێڕای بە یاسایی کردنی لە کۆمەڵگادا، جێبەجێی دەکات.

٣- بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی رەگەزی، راستکردنەوەی ئەو بێ عەداڵەتییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەی کە ژنانی کوردستان لەگەڵی بەرەوڕوون، لە کار و شوێنە گرینگەکانی بڕیارداندا، دەرفەتی تایبەتییان بۆ دەڕەخسێندرێ.

٤- حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە دەستەبەرکردنی هەموو مافەکانی منداڵان، کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی منداڵدا هاتووە، خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ.

٥- کەمینە نەتەوایەتی و ئاینییەکانی هەرێمی کوردستان لە هەموو مافە دیاریکراوەکانی ناو جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ بەهرەمەند دەبن و لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ

پەرەپێدان و پاراستنی کولتووری خۆیان، یارمەتی دەدرێن.

## فەسڵی چوارەم:
## ئا ـ سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی

١ ـ بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی ئابووری لە رێگای بەرنامەدارشتنێکی زانستییەوە لە هەرێمی کوردستاندا، لە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. بۆ قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویی ئابووری کە بەرهەمی ستەمی نەتەوایەتی و بوروکراسی ناوەندگەرایە، پێویستە دابەشکردنی داهاتی گشتی وڵات لە لایەن دەوڵەتی فیدراڵەوە بە چەشنێک بێ، کە بەشی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە پێی رادەی دواکەوتوویی ناوچەکەیان زیاتر لە داهاتی نێونجی سەرانەی وڵات بێ.

٢ـ سەرەکی ترین رێگای پێشکەوتنی ئابووری کوردستان و سەرانسەری ئێران لە رێگای پیشەسازی کردنەوەیە (سەنعەتی کردن)بە پێی دەسکەوتەکانی زانست و تێکنیک لە لایەک و پێداویستی و ئیمکاناتی سرووشتی وڵات لە لایەکی دیکەوە. پێکهێنانی ئاڵوگۆرێکی بنچینەیی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بۆ بە پیشەسازی کردن پێویستە، یەکێک لە بنەڕەتی ترین ئەرکەکانی دەوڵەتی فیدراڵی و حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

٣ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هۆی بەشی گشتیی ئابوورییەوە کە بەشی بنەڕەتی بۆ پێشکەوتنی ئابوورییە، پیشەسازی پێشکەوتوو لە کوردستان دادەمەزرێنێ و هەموو ئاسانکارییەک

دەکا بۆ بەشداری سەرمایەی تایبەتی و دەرەکی لە پێشخستنی ئابووریی وڵات و بەتایبەتی پیشەسازی کردندا و هەر لەو کاتەدا پارێزگاری لە پیشەسازییە خۆماڵی و نەتەوەییەکانیش دەکا.

٤ـ سەرچاوە سرووشتی و ژێرزەمینییەکانی کوردستان وەک هەموو هەرێمەکانی ئێران، سامانی گشتین و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە رێکەوتن لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵ، بە قازانجی هەموو خەڵکی ئێران کەڵکیان لێ وەردەگرێ.

٥ـ حکوومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی دەداتە بواری مێکانیزەکردنی کشتوکاڵ و وەک بەشێکی گرنگ لە سیاسەتی ئابووری چاوی لێ دەکا و رێوشوێنی گەشەسەندنی بۆ دابین دەکات.

٦ـ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوار بۆ پەرەپێدانی بازرگانیی نێوخۆ و دەرفەتی کەسب و کار و پیشەسازی لە کوردستاندا، دەرەخسێنێ.

٧ـ بردنەسەرەوەی ئاستی ژیانی خەڵک و بەتایبەتی زەحمەتکێشانی کوردستان نێوەرۆکی سەرەکی سیاسەتی ئابووریی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. ئەم حکوومەتە هێز و توانای خۆی وەکار دەخا بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی کوردستان ژیانێکی شیاوی ئەم سەردەمەیان بۆ دابین بکرێ.

٨ـ سەعاتی فەرمی کار لە حەوتوودا نابێ لە٤٠ سەعات تێپەڕبێ. ئەو کرێکارانەی کاری سەخت دەکەن دەبێ سەعاتی کاریان کەمتر بێ. لانیکەمی هەقدەستی کرێکاران بەپێی تێچووی گوزەران

دیاری دەکرێ و لەگەڵ چوونەسەری ئەو تێچوویەدا، زیاد دەکرێ. کرێکاران بەرامبەر بە پێشهاتەکانی کار، نەخۆشی، پەککەوتەیی، بێکاری و پیری، بیمە دەکرێن. ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە ١٦ ساڵ کەمتر بێ نابێ کاریان پێ بکرێ.

٩ - حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی، بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئابووریی کوردستان دەزانێ و بۆ پێشخستن، پاراستن و پەرەپێدانی وەرزێری و ئاژەڵداری لە کوردستاندا، بە قازانجی جووتیاران و ئاژەڵداران، کار دەکا. لەو پێوەندییەدا بەرنامە دادەڕێژێ و بڕیار و ڕێوشوێنی پێویست دەردەکا.

١٠- حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە بە پێی گەڵاڵەیەکی زانستی، پێش بە پارچەپارچە بوونی زەوی جووتیاران بگرێ، بۆ ئەوەی زیان بە رادەی بەرهەمهێنانی گشتی نەگەیەنێت.

١١- حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە یارمەتی وەرزێران بدا بۆ ئەوەی بتوانن ئامرازی پێشکەوتووی کشت و کاڵ بۆ خۆیان دابین بکەن. هەروەها پێویستە بەرهەمی کشت و کاڵیان بە نرخی شیاو لێ بکڕێ و بۆ پەرەپێدانی کاری کشت و کاڵ قەرزی درێژخایەنیان بە سوودی گونجاو، پێ بدا.

١٢- حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستە بە لێوردبوونەوە و سەرنج و روانگەیەکی خەسارناسانەوە، ئاوڕ لە دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان بداتەوە و بەرنامەیەکی زانستی گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان، دابڕێژێ.

**ب : سیاسەتی فەرهەنگی و پەروەردە**

١- لە هەرێمی کوردستاندا، سیستمی پەروەردەی نەتەوەیی هاوتەریب لەگەڵ پێوانەکانی پەروەردەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و نرخ و بەها مێژوویی و نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان، دادەمەزرێت.

٢- حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەرنجێکی تایبەتی دەداتە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی منداڵان و لاوان و ئیمکاناتی پەروەردەیی و فێرکارییان بۆ دەڕەخسێنێ.

٣- هەموو منداڵانی کوردستان هەتا پازدەساڵی دەبێ بخوێنن. حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری هەنگاو هەڵ دێنێتەوە. لە هەرێمی کوردستاندا دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندنی سەرەتایی لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و خوێندن لە قۆناغەکانی دیکەدا بە خۆڕاییە. یارمەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەو بارەیەوە، قوتابخانە ئایینییەکانیش دەگرێتەوە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان تێچووی خوێندنی منداڵانی چین و توێژە کەم داهاتەکان لە هەموو فێرگە پیشەییەکان و هونەرستانەکاندا دابین دەکاو خەرجی خوێندنی منداڵانی بلیمەت و هەڵکەوتووی کەم داهات، لە زانکۆ و فێرگە بەرزەکانیشدا وەئەستۆ دەگرێ.

٤- حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بردنەسەرەوەی ئاستی گشتیی فەرهەنگیی خەڵک و دامەزراندنی بنکەی فەرهەنگی و زانستی

وەک: فەرهەنگستان، سینەما، هونەرە جوانەکان، پەروەردەی وەرزشی، فێرگە بەرزەکان و زانکۆکان هەنگاو هەڵدێنێتەوە و بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی کەلەپووری کورد، تێدەکۆشێ.

٥- بایەخدان بە پەرەگرتنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و پشتیوانی لە نووسەران، هونەرمەندان، پسپۆڕان و زانایانی کورد، ڕێبازی هەمیشەیی سیاسەتی فەرهەنگیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

٦- حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە هەوڵ بدا لە سیستمی پەروەردەییدا کولتووری پێکەوەهەڵکردن و یەکتر تەحەموولکردن جێگیر بکا و قوتابیان بە دوور لە کولتووری توندوتیژی و یەکترسڕینەوە، پەروەردە بکرێن.

**پ: سیاسەتی لەشساغی**

١- حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ بردنە سەرەوەی ئاستی لەشساغیی هەموو خەڵک تێدەکۆشێ و هەلومەرجێک پێک دێنێ کە هەموو خەڵکی کوردستان بتوانن لە یارمەتی پزیشکی و دەرمانی پێویست، کەڵک وەرگرن.

٢- حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دامەرزاندنی ئاسایشگە، شیرخۆرگە و زایینگە هەنگاو هەڵدێنێتەوە و بۆ بەخێوکردنی کەسانی کەم دەرامەتی بە ساڵاچوو، ڕەبەن و بێ خاووخێزانیش بنکە و بنیاتی تایبەتی دادەمەزرێنێ.

٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو مافانەی کە بۆ کەمئەندامان لە پەیماننامە نیونەتەوەییەکاندا لەبەرچاوگیراون، دابین دەکا.

## ت - سیاسەتی پارێزگاریی ژینگە و پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان

١- پارێزگاری کردن لە ژینگە، سەرچاوە سرووشتییەکان، لێڕەوارەکان، دەریاچە و گیانلەبەرەکان، یەکێک لە ئەرکەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. هەربۆیە دەبێ لە راوی بێ سەرەوبەرە پێشگیری بکرێ. پێویستە لە هەڵبژاردنی جۆر و جێگای پیشەسازیی نوێ و لە لێدانی رێگا و کێشانی رێگای ئاسندا، پاراستنی ژینگە لەبەرچاو بگیرێ.

٢ - حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بناخەکانی پیشەسازی توریسم دادەڕێژێ و بەرنامەی گونجاو بۆ پاراستنی شوێنەوار و ئاسەوارە مێژووییەکان دادەنێ.

## فەسڵی پێنجەم:

## سیستمی فیدراڵی لە ئێران: دەستووری فیدراڵ و دابەشکردنی دەسەڵات

١- دابەشکردنی سەروەری، بنەمای سیستمەمی فیدراڵییە، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە دابەشکردنی سەروەری لە نێوان هەرێمە "جوگرافی - نەتەوەیی"ییەکان لە دەستووردا، دەستەبەر بکرێ. هەم دەسەڵاتی ناوەندی و هەم دەسەڵاتی هەرێمەکان پەیڕەوی یاسای فێدراڵ دەبن.

٢- دادگای بەرزی فێدراڵ کە لە پسپۆرانی هەموو نەتەوەکانی

ئێران بە شێوەی یەکسان پێک دێ، بە کێشە یاساییەکانی نێوان دەوڵەتی فێدراڵ و حکومەتە هەرێمییەکاندا دەچێتەوە و هاوسەنگی دەسەڵات لە نێوانیاندا رادەگرێ.

٣ـ لە ئێرانی فیدراڵدا چ لە ئاستی دەسەڵاتی ناوەندی و چ لە ئاستی هەرێمەکاندا، هەرکام لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان، ڕاپەڕاندن و دادوەری لە یەکتر سەربەخۆن.

٤ـ لە ئێرانی فیدراڵدا، بڕیارەکان لە شوورای فیدراڵ و ئەنجومەنی نوێنەراندا پەسەند دەکرێن. شوورای فیدراڵ لە نوێنەرانی نەتەوەکانی وڵات بە رادە و مافی وەک یەک پێکدێ و هەموو ئەو بڕیارانەی ئەنجومەنی نوێنەران کە پێوەندییان بە ماف و بەرژەوەندییەکانی هەرێمەکانەوە هەیە، لە لایەن شوورای فیدراڵەوە پەسەند دەکرێن.

٥ـ مافی پەسەندکردنی هەموو ئەو یاسایانەی کە پێوەندییان بە هەرێمەکانەوە هەیە، بەپێی بنەما دەستوورییەکانی ئێرانی فیدراڵ، بە هەرێمەکان دەدرێ.

٦ـ هەموو نەتەوە پێکهێنەرەکانی ئێران، بێ هەڵاواردن لە دامەزراندنی سیستمی ئێرانی فیدراڵدا بەشدارن و ئەم مافە لە یاسای بنەڕەتیی سیستمی فیدراڵدا پەسەند دەکرێ.

٧ـ یاسای بنەڕەتیی ئێرانی فیدراڵ، بەپێی پێوەرە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ و لەوانە مافە کولتووری، سیاسی، ئابووری و پەیماننامە نێونەتەوەییەکان، بە جۆرێک رێک دەخرێت کە مافی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی، ئیتنیکی، ئایینی، زمانی و کۆمەڵایەتییەکانی

نێو ئەو سیستمە فیدراڵە لە چوارچێوەی سنووری پێناسەکراوی جوگرافی ـ نەتەوەیی هەرێمەکاندا، بە فەرمی بناسرێ.
٨ـ ئەو پرسە هاوبەشانەی کە پێوەندییان بە گشت ئێرانەوە هەیە، وەک: سیستمی پووڵی، ئەرتەش، بەرنامەڕێژیی درێژخایەنی ئابووری، سەرچاوەکانی داهات و دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامانە گشتییەکان، سیاسەتی دەرەوە، کێش و پێوەرەکان، لەژێردەستی دەسەڵاتی ناوەندیدا دەبن و دەسەڵاتەکانی تریش دەدرێن بە هەرێمەکان.

## فەسڵی شەشەم:
## سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی فیدراڵ

١ـ ئێرانی فیدراڵ لەگەڵ هەموو دەوڵەتان لەسەر بناغەی ڕێزگرتنی دوولایەنە و ناسینی مافی سەروەریی نیشتمانی، پێوەندی دادەمەزرێنێ و لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتنخواز و دێموکرات و ئەو وڵاتانەی کە ڕێز بۆ مافی مرۆڤ دادەنێن پێوەندی دۆستانە پێک دێنێ.
٢ـ ئێرانی فیدراڵ لەنێو ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و لە دەرەوەی ئەم ڕێکخراوەیەدا پشتیوانی لە ئاشتیی جیهانی و پێکەوە ژیانی هێمنانەی دەوڵەتان دەکا و لایەنگری چارەسەری ئاشتیانەی گیروگرفتە نێونەتەوەییەکانە لە ڕێگای وتووێژەوە، بە بێ بەکارهێنانی گوشار و مەگەر لە کاتێکدا کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە ڕێگای ناوەندە خاوەن سەڵاحییەتەکانیەوە بۆ

پاراستنی سوڵح و ئاشتی و ئارامی نێونەتەوەیی، بەکارهێنانی گوشار بە پێویست بزانێ.
٣- سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی فیدراڵ، بۆ نیزیکبوونەوە و یەکیەتیی نەتەوەکان و پێکهێنانی یەکیەتیی سیاسی، ئابووری و کولتووری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەوڵ دەدا.
٤- پێویستە ئێرانی فیدراڵ پشتیوانی لە چەسپاندنی بنەماکانی دێموکراسی لە هەموو جیهاندا بکا و لە خەباتی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوە بندەستەکان داکۆکی بکا و مافی پەنابەریی سیاسی بداتە مرۆڤە دێموکراسیخواز و نیشتمانپەروەرە خەباتکارەکان.

## فەسڵی حەوتەم:
## سیاسەتی بەرگری

١- سیاسەتی بەرگری ئێرانی فیدراڵ، لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندیی هاوبەشی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێرانی فیدراڵ، دادەمەزرێ.
٢- ئەرتەشی ئێرانی فیدراڵ لە کۆی هەموو یەکە چەکدارەکانی هەرێمە فیدراڵەکان پێکدێ و فەرماندەییەکی هاوبەشی دەبێ، کە بە ڕێککەوتن لەنێوان هەرێمەکاندا دادەمەزرێ. ئەرتەش بۆی نیە دەست لە سیاسەت یان لە کاروباری نێوخۆیی هەرێمەکان وەربدا.
٣- ئێرانی فیدراڵ لە درووستکردنی چەکی کۆمەڵکوژ و قەدەغەکراو

خۆ دەپارێزێ و پێبەند دەبێ بە هەموو رێککەوتنە جیهانییەکانی پێوەندیدار بە کاتی شەڕەوە.

## بەشی دووهەم
## پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**ماددەی یەکەم: ناو و نێوەرۆکی حیزب**

١ـ ناوی حیزب "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"ە.

٢ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی پێشڕەو و شۆڕشگێڕی خەڵکی کوردستانی ئیرانە. هەموو چین و توێژەکانی نەتەوەی کورد بە مەبەستی وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب کە لە بەرنامەدا هاتوون، لە ریزەکانی خۆیدا رێکدەخا و کۆدەکاتەوە.

٣ـ ناوی حیزب لە ئاستی نیونەتەوەییدا "Democratic Party Of Iranian Kurdistan" و کورتکراوەکەی:

"PDKI"ە.

٤- ئارمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهاتووە لە: بازنەیەک بە رەنگی شین، کە لە لای راستیەوە گوڵە گەنمێکە بە رەنگی زەرد و لە لای چەپیەوە چەرخێکی پیشەسازییە بە رەنگی سپی، کە لە حەوت دەندە پێک هاتووە. ناوەندی بازنەکە پێکهاتووە لە خۆرێکی دە تیشکی و کێوێک بە رەنگی سەوز. لە خوارەوەی ئارمەکە و لە نێوان گوڵە گەنم و چەرخە پیشەسازییەکەدا، زەمینەیەکی سوور هەیە، کە کتێبێکی سپی لە سەرە و ١٣٢٤ لە خوارەوەی کتێبەکەدا نووسراوە،کە ئاماژەیە بۆ ساڵی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

تێبینی: لە چالاکییەکانی حیزب لە ئاستی نێونەتەوەیی و دەرەکیدا لە جیاتی ساڵی ١٣٢٤، ١٩٤٥ بەکاردێ و لە ژێرەوەی ئارمەکەش PDKI دەنووسرێ.

**ماددەی دووهەم: ئەندامەتی حیزب**

هەموو کورد و هاونیشتمانێکی کوردستانی ئێران و هەموو کوردێکی دانیشتووی وڵاتی ئێران، دەتوانێ ببێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەرجێک:

- بە فەرمی داوای ئەندامەتی بکا.
- تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێ.

- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسەند بکا.
- مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر بێ.

تێبینی١: هەموو کوردێکی هاووڵاتی ئێران و ئەو کوردە ئێرانییانەی کە پەڕیوەی هەندەرانن یان لە تاراوگەدا لەدایک بوون، دەتوانن ببنە ئەندامی حیزب و هەروەها کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەتوانن لە ڕێکخراو و ئەنجومەنەکانی لایەنگری حیزبی دێموکراتدا، ببنە ئەندام.
تێبینی٢: ئەو کەسانەی ژیانی هاوسەرییان لەگەڵ کوردێکی ئێرانی پێک هێنابێ، ئەگەر داوای ئەندامەتی بکەن بە ئەندام وەردەگیرێن.

**ماددەی سێهەم: شێوەی وەرگرتنی ئەندام**

بۆ ئەوەی کەسێک بە ئەندام وەربگیرێ پێویستە:
- بە فەرمی داوای ئەندامەتی بکا.
- دوو ئەندامی حیزب بیناسێنن.
- لانیکەم شەش مانگ بە بێ مافی هەڵبژێران و هەڵبژاردن، لە ژێر تاقیکردنەوەدا بێ.
- لەلایەن زۆربەی ئەندامانی شانەیەکی حیزب یا ئۆرگانێکی سەرەوەترەوە، بە ئەندام وەربگیرێ.
- ئەندامی حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکە نەبێ.

تێبینی:

کوردەکانی دانیشتووی وڵاتانی رۆژئاوایی کە ئەندامی حیزبن، دەتوانن ئەندامی رێکخراوە پێشکەوتنخواز و دێموکراتیکەکانی ئەو وڵاتانە بن.

**ماددەی چوارەم: ئەرکەکانی ئەندامی حیزب**

ئەرکی سەرشانی ئەندامی حیزبە، کە:

- بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب کە لە بەرنامەی حیزبدا هاتوون، تێبکۆشێ.
- بە هەموو تواناوە بۆ پاراستن و گەشەپێدانی یەکیەتیی سیاسی و تەشکیلاتیی حیزب، هەوڵ بدا.
- بە پێی پێڕەوی نیوخۆ دیسپلینی حیزبی بپارێزێ.
- لە یەکێک لە ئۆرگانەکانی حیزبدا، چالاکانە تێ بکۆشێ.
- نهێنییەکانی حیزب بپارێزێ.
- ئاستی زانیاریی سیاسی و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی بەرێتە سەر.
- سیاسەتی حیزب بەرێتە نێو کۆمەڵانی خەڵک و پێوەندییان لەگەڵ بەهێز بکا و لە بیروڕا و ئەزموونەکانیان کەڵک وەربگرێ.
- بڕیارە حیزبی و رێکخراوەییەکان بەڕێوە بەرێ.
- هەقی ئەندامەتی بە رێکوپێکی بدا.

تێبینی:

ئەو کەسانەی پشتیوانی لە سیاسەتی حیزب دەکەن، بەڵام ئەرکەکانی ئەندام بە تەواوی بەجێ ناگەیەنن، بە لایەنگری تەشکیلاتیی حیزب دەناسرێن.

**ماددەی پێنجەم: مافەکانی ئەندامی حیزب**

ئەندامی حیزب مافی ئەوەی هەیە کە:

- لەهەڵبژاردن و هەڵبژێراندا بە پێی ڕێوشوێنە پێوەندیدارەکان، بەشداری بکات.
- بە ئەندامی هەرکام لە ئۆرگانەکانی حیزب هەڵبژێردرێ. هەڵبژێران بۆ ئۆرگانەکانی حیزب، بەپێی مەرجی دیاریکراو دەبێ.
- کار و چالاکیی هەر ئەندام یان ئۆرگانێکی حیزب هەڵسەنگێنێ و لە کۆبوونەوە حیزبییەکاندا، بیخاتە بەرباس یان ڕەخنەی لێ بگرێ.
- لە ڕێگای تەشکیلاتییەوە بیروڕای خۆی بە هەموو ئۆرگانێکی حیزب ڕابگەیەنێ و پرسیارەکانی بخاتە ڕوو و وەڵام وەربگرێتەوە.
- لە هەر ئۆرگانێک لە ئۆرگانی سەرەوەتر شکایەت بکا و وەڵام وەرگرێتەوە.
- لە هەر کۆبوونەوەیەکی ئۆرگانی خۆیدا، کە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی ئەو هەڵ بسەنگێنێ و بیهەوێ بڕیاری لەسەر بدا، بەشدار بێ.

**ماددەی شەشەم: دیسیپلینی ئەندام**

١ـ ئەو ئەندامانەی ئەرکی خۆیان بەجێ ناگەیەنن، یان بەپێچەوانەی پێڕەوی نێوخی حیزب دەجوڵێنەوە، یان کردەوەیەک ئەنجام دەدەن، کە زیان بە پرستیژ و سامانی حیزب دەگەیەنێ، بەپێی رادەی پێشێلکردنی دیسیپلینەکانی حیزب، بەم چەشنەی خوارەوە بڕیاریان لەسەر دەدرێ:

- سەرکۆنە بەدەم
- سەرکۆنە بە نووسراوە
- ئەستاندنەوەی لێپرساوی
- هەڵپەساردن
- وەرگرتنەوەی مافی ئەندامەتی لە حیزبدا

تێبینی:

١ـ درێژترین ماوەی هەڵپەساردن ساڵێکە. ئەندامی هەڵپەسێراو لە ماوەی هەڵپەسێرانیدا خاوەنی هیچ مافێکی ئەندامەتی، نییە.

٢ـ ئەندامی هەڵپەسێردراو پاش ماوەی هەڵپەساردن، رابردووی حیزبیی بۆ لەبەرچاو دەگیرێ و لە رێگای ئۆرگانی سەرەوەترەوە کاری بۆ دیاری دەکرێ.

٣ـ سزای حیزبی لە لایەن رێکخراوی حیزبیی پەیوەندیدار و بە زۆربەی دەنگ دیاری دەکرێ و بۆ وەرگرتنەوەی مافی ئەندامەتی، پێویستە ئۆرگانی سەرەوەتر بڕیاری لەسەر بدا.

٤ـ مەبەست لە سزای حیزبی، پێگەیاندنی ئەندامە و تەنیا ئەوکاتە ئەندام سزا دەدرێ کە رێگای دیکەی وەک رەخنە و رێنوێنی و

ئێقناع لە باشکردنی ئاکاری ئەودا کاریگەرییان نەبووبێ.
٥ـ ئەو ئەندامانەی سزا دەدرێن مافی ئەوەیان هەیە لە ئۆرگانی سەرەوەتر داوای پێڕاگەیشتن بکەن. ئەو ئەندامەی دەردەکرێت دەتوانێ سکاڵا بۆ کۆنگرەش بنێرێت.

**ماددەی حەوتەم: قەوارەی حیزب**

بنەمای سەرەکی داڕشتنی پێکهاتەی حیزب لەسەر ئەو بنەمایەیە، کە:

ـ هەموو ئۆرگانێکی حیزبی لە خوارەوە بۆ سەرێ هەڵدەبژێردرێ.

ـ ئۆرگانەکانی حیزب بە رێکوپێکی راپۆرتی تێکۆشانی خۆیان هەم بەو ئەندامانەی کە هەڵیان بژاردوون و هەم بە ئۆرگانی سەرەوەتر، دەدەنەوە.

ـ ئەندام پەیڕەوی پرینسیپ و بڕیارەکانی رێکخراوە. کەمایەتی لە نیو رێکخراوی حیزبیدا پەیڕەوی لە زۆرایەتی دەکا. کەمینەی فیکری و سیاسی مافی بەرگری لە نەزەراتی خۆی، لە رێگای کۆبوونەوە و بڵاوکراوەکانی نێوخۆی حیزبەوە، پارێزراو دەبێ.

ـ لەنێو حیزبدا بۆ هەموو ئەندامان بەپێی ئەساسنامە و بێ جیاوازی، یەک دیسیپلین هەیە.

ـ بڕیاری ئۆرگانی سەرەوەتر لەلایەن ئۆرگانی خوارەوەترەوە جێبەجێ دەکرێ.

ـ داڕشتنی پلان و بڕیار لە بەرزترین ئۆرگانەوە تا خوارترین

ئۆرگان، بە کۆمەڵە. تاکڕەوی و سەرەڕۆیی لە حیزبدا، جێگایان نیە.

**ماددەی هەشتەم: کۆنگرەی حیزب**

١ـ کۆنگرە بەرزترین ئۆرگانی حیزبە.

٢ـ کۆنگرەی حیزب هەر چوار ساڵ جارێک بە بەشداری ئەندامانی ئەسلی و جێگر و راوێژکارانی کومیتەی ناوەندی و نوێنەرانی ئەندامانی دیکەی حیزب، بەو رادەیەی کە کومیتەی ناوەندی دیاریدەکات، پێک دێت. بە جۆرێک کە دوو لە سەر سێی ئەندامانی کۆنگرە لە ئەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، بەشداری کۆنگرە بن.

٣ـ کۆنگرەی نائاسایی لەسەر داخوازی کومیتەی ناوەندی یان ٢/٣ (دوو لەسەر سێی) پێرسۆنێلی تەواو وەختی حیزب، پێکدێ.

ئەرک و دەسەڵاتەکانی کۆنگرە، ئەمانەن:

- راپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە تاوتوێ دەکا و بڕیاری لەسەر دەدا.
- رێبازی گشتی و سیاسەتە ستراتیژییەکانی حیزب پاش تاوتوێکردن، دیاری دەکا.
- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب تاوتوێ دەکا و ئەگەر پێویست بوو دەستکاری دەکا و پاشان پەسەندی دەکا.
- ئەندامانی ئەسڵی و جێگرەکانی کومیتەی ناوەندی، هەڵ

دەبژێرێ.
تێبینی ١ـ ژمارەی جێگرەکان نابێت لە یەک لەسەر سێی ئەندامانی ئەسڵی زیاتر بێت.
تێبینی٢: کومیتەی ناوەندی مافی ئەوەی هەیە ئەوپەڕەکەی بە ئەندازەی یەک لە سەر سێی ژمارەی ئەندامانی ئەسڵیی خۆی، لە ئەندامانی حیزب بە مافی دەنگدانەوە، لە کۆنگرەدا بەشدار بکا. ئەم کارە دەبێ پێش بەستنی کۆنفرانسەکانی حیزب بکرێ، چونکە ئەو کەسانە لە کۆنفرانسەکاندا مافی دەنگدانیان نابێ.
تێبینی٣: کەسانێک دەتوانن ببنە ئەندام یان جێگری کومیتەی ناوەندی کە لانیکەم سێ ساڵ رابردووی ئەندامەتییان لە حیزبدا، هەبێ.
تێبینی٤: کۆمیتەی ئامادەکاریی کۆنگرە لەلایەن کومیتەی ناوەندییەوە بۆ ئامادەکردن و بەرێوەبردنی کۆنگرە دیاری دەکرێ.

## ماددەی نۆهەم: کۆنفرانسی حیزب

١ـ کۆنفرانسی حیزب لە کاتێکدا دەبەسترێ کە:
ـ دەرەتانی بەستنی کۆنگرە نەبێ.
ـ گیروگرفتێکی وا هاتبێتە پێش کە کومیتەی ناوەندی نەتوانێ چارەسەری بکا.
ـ لە هەلومەرجێکی وادا کۆنفرانس سەلاحییەتی کۆنگرەی هەیە.

٢ـ کۆنفرانس لە ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و موشاویرانی کومیتەی ناوەندی و نوێنەرانی کومیتەکانی شارستان و ناوەند و کومیتە و کومیسیۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی پێک دێ.
٣ـ رادەی نوێنەرانی ئەو کومیتە و کومیسیۆنانە لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە دیاری دەکرێ. بەڵام لە هەر حاڵدا دەبێ ژمارەی نوێنەرانی هەڵبژێردراو لە ژمارەی ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و موشاویرانی کومیتەی ناوەندی، زیاتر بێ.

**ماددەی دەهەم: کومیتەی ناوەندی**

١ـ لە ماوەی نێوان دو کۆنگرەدا، کومیتەی ناوەندی بەرزترین ئۆرگانی حیزبە و کاروباری حیزب بەڕێوە دەبا.
٢ـ ئەرک و دەسەڵاتی کومیتەی ناوەندی بەمجۆرەیە:
ـ بڕیارەکانی کۆنگرە جێبەجێ دەکا.
ـ بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزب لەگەڵ حیزب و رێکخراوەکانی دیکەیە.
ـ سکرتێری گشتی و جێگری سکرتێری گشتی و ئەندامانی دەفتەری سیاسی هەڵ دەبژێرێ، کە بەرامبەر بە کومیتەی ناوەندی بەرپرسیارن.
ـ رادەی حەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب، دیاری دەکا.
ـ ئاییننامەی نێوخۆیی بۆ کاروباری خۆی و هاوئاهەنگیی نێوان کومیسیۆنەکانی سەر بە کومیتەی ناوەندی، دادەنێ.

ـ لانیکەم ساڵی سێ جار کۆ دەبێتەوە. ئەندامانی جێگر و راوێژکارانی کومیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی بەشدار دەبن و دەنگی راوێژکاریان هەیە.

تێبینی:

١ـ کومیتەی ناوەندی دەتوانێ هەتا نیوەی ژمارەی ئەندامانی ئەسڵی، ئەندامی راوێژکار هەڵبژێرێ.

٢ـ کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی لەسەر داوای ١ـ دەفتەری سیاسی، ٢ـ یەک لە سەر سێی ئەندامانی ئەسڵی کومیتەی ناوەندی و ٣ـ سکرتێری گشتی، پێکدێ.

٣ـ کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی بە بەشداری لانیکەم دوو لە سەر سێی ئەندامانی ئەسڵی رەسمییەت پەیدا دەکەن و بڕیارەکان کاتێک قەتعی دەبن کە نیوە زێدە یەکی بەشداران لە کۆبوونەوەدا، دەنگیان بۆ بدەن.

٤ـ لە هەلومەرجێکدا کە پاش بانگهێشتی دەفتەری سیاسی بۆ پێکهێنانی پلینۆم دوو لە سەر سێی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی ئامادەی بەشداری نەبوون، لە قۆناغی دووهەمدا دەفتەری سیاسی دەتوانێ ئەوپەڕەکەی پاش مانگێک، پلینۆم بە بەشداری زۆربەی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی پێک بێنێ. لەو حاڵەتەدا پلینۆم رەسمییەتی هەیە و بڕیارەکانی بە دوو لە سەر سێی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بەشدار لە پلینۆمدا، رەسمییەت پەیدا دەکەن.

**ماددەی یازدەهەم: دەفتەری سیاسی**

١ـ دەفتەری سیاسی لە سکرتێری گشتی، جێگری سکرتێری گشتی و ژمارەیەک ئەندامی کومیتەی ناوەندی کە لەلایەن کومیتەی ناوەندییەوە هەڵدەبژێردرێن، پێک دێ.

٢ـ لە ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیدا، دەفتەری سیاسی بەرزترین ئۆرگانی بەڕێوەبەری و بەرپرسی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندییە.

٣ـ دەفتەری سیاسی کۆبوونەوەکانی خۆی بەپێی پێویست پێک دێنێ و راپۆرتی تێکۆشانی خۆی دەداتەوە بە کومیتەی ناوەندی.

**ماددەی دوازدەهەم: رێکخراوەکانی حیزب**

١ـ بناغەی رێکخراوی حیزب، شانەیە. ژمارەی ئەندامانی شانە نابێ لە سێ کەس کەمتر بێ.

٢ـ لە هەلومەرجی تایبەتیدا کومیتەی ناوەندی، دەتوانێ شێوەی گونجاوی دیکە بۆ رێکخراوی حیزب پەسەند بکا.

٣ـ کومیتەی هەر رێکخراوێک لە لایەن ئەندامانی ئەو رێکخراوە یان نوێنەرانی ئەوانەوە، هەڵ دەبژێردرێ.

٤ـ کۆنفرانسی ئۆرگانەکانی سەر بە کومیتەی ناوەندی دوو ساڵ جارێک لە نوێنەرانی هەموو ئەندامانی حیزبیی هەر ئۆرگانێک، پێک دێ.

**ماددەی سێزدەهەم: داهاتی حیزب**

داهاتی حیزب بریتیە لە:

ـ مافی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب.

ـ داهاتی بنکە و دامەزراوەکانی حیزب.

ـ یارمەتیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب.

# بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی
# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

پەسندکراوی کۆنگرەی پازدەهەم

٨ تا ١٤ی رەزبەری ١٣٩١